# سۆراخ

خالید مەجید فەرەج

خۆمن دیەم بەدوای تۆدا ڕێگا نەما نـــــەی پشکنێ
دنیام هەمووی سۆراخت بوو ڕێبوار نەما من نەی گەمێ

تۆ سەرابی بیبان بـــــووی منیش کاروانێکی تینوو
وەك تریفەی مانگە شەو بووی لە ناو دڵی منا نوستوو

بەرەو کام لا ئوغرت کرد ئـــەم هەوارەت بە دڵ نەبوو
یاخود خونچەی چاوەکـانت لای من داناو بە گوڵ نەبوو

هێشتا شەوگار زۆری مـــــابوو لە ڕازەکان وەڕس ببێ
هێندە خەمیش نەبـــــــارییوو تۆوی گومان سەوز ببێ

دەستی با بوو هەڵی گــرتی یان شەماڵی عەشقێکی تر
ڕۆخی دەریا پەلی گـــــرتی بـــەرەو قوڵی زامێکی تر

خەمەکانت کردە کـــــۆڵ و لەگەڵ خۆتا دنیات گەڕان
یادەکانت زەرد هەڵگەڕاو پـــــەڕەکانت یەك یەك دڕان

ئاخۆ ئێستا لـــەو هەوارە هەر بە هارەو تۆ گوڵ دەگری
یان لە شینی دڵ مردن دا دانیشتویت و بـــە کوڵ دەگری